حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە: ٧٤٦٣
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٣ کوردی

العدد :
التأريخ : ٢/١٩ /٢٠٢٣

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
المديرية العامة للديوان
وزارەتی دارایی و ئابووری
وزارة المالية والاقتصاد

## گشتاندنی دارایی ژمارە (٧)ی ساڵی /٢٠٢٣

## بابەت / هەژمارکردنی ڕاژە

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سکرتارییەتی ئەنجومەن ژمارە / ١٤٨٤ لە ٢٠٢٣/٤/١٦ گشتاندنمان ژمارە (٨)ی /٢٠٢١ بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە :-

١- سەرجەم ئەو خانەنشینانەی کە بە پێ ی یاسای چاکسازی مووچەیان هەمواردەکرێتەوە خزمەتی بواری ( شارستانی ، پێشمەرگایەتی ، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ، ئاوارەیی ، کەرتی تایبەت) ئەگەر هەبوو بۆیان هەژمار دەکرێت بە پێ ی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢- ئەو فەرمانبەرە خانەنشین کراوانەی کە لە برگە ( ١ ) ی سەرەوە هاتوون لە کاتی هەبوون بۆ سەلماندنی ئەو بەڵگەنامانەی کە پێویستە بۆ هەژمارکردنی ڕاژەکانیان لە ڕێگەی وەزارەتەکانیانەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ ( لیژنەی هەژمارکردنی ڕاژە ) لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆ هەژمارکردنی ڕاژەکانیان تەنها بە مەبەستی خانەنشینی بە پێ ی سەرجەم ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

٣- بۆ مەبەستی هەژمارکردنی خزمەتی پێشمەرگایەتی ، بەڵگەنامە پێویستەکان ، لە ڕێگەی وەزارەتی پێشمەرگە پێویستە ڕاستاندنی بۆ بکرێت و پاشان بۆ ( لیژنەی هەژمارکردنی ڕاژە ) لە ئەنجومەنی وەزیران بەرزبکرێتەوە بۆ هەژمارکردنی تەنها بە مەبەستی خانەنشینی بە پێ ی ڕێنماییە بەرکارەکان .

بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
/ ٦ / ٢٠٢٣